# بومەلەرزەیەك باكووری كوردستانی هەژاند

كاوە ئەمین



کاتژمێری ۳، ۲۷ دەقەی سەرلەبەیانی یەکی گوڵان، بومەلەرزەیەک شاری بینگۆڵ (چەولکی) ی باکووری کوردستانی هەژاند، بە گوێرەی هەواڵەکان زیاتر لە ۱۵۰ کەس گیانیان لەدەست داوە و تا ئێستا جەنازەی ۹۵ کەس دۆزراونەتەوە. خوێندنگایەک بە تەواوی کاول بووە و ژمارەیەکی زۆر خوێندکار گیانیان لەدەستداوە. کەسوکاری خوێندکارەکان هەموو ڕۆژی ئیمرۆ (۱ گوڵان) بەدوای منداڵەکانیاندا وێڵ و سەرگەردان بوون، بینگۆڵ سەرتاپا لە شیندا بوو.

ناوچەی بینگۆڵ ناوچەیەکی شاخاویە و ئەوە جاری یەکەم نیە کە بومەلەرزە شارەکە دەگرێتەوە بەڵکو لە ساڵی ۱۹۷۱ دا کارەساتی ئەرزهەژیان شارەکەی گرتەوە و نزیکەی ۸۰۰ کەس مردن. شایەنی بیر هێنانەوەیە کە گەلێک جارکوردستان توشی بومەلەرزە بووە، بۆ نموونە لە ساڵی ۱۹۳۹ دا لە شاری ئەرزنجان لە باکووری کوردستان سی (۳۰) هەزار کەس گیانیان لەدەست دا.



مێرمنداڵێکی کورد لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانیدا، نیشانەی ئاشتی و سەرکەوتن بە پەنجەکانی دەکێشێت!